وتەبێژی یەکێتی: داوای دواخستنی هەڵبژاردن لەکەرکوک، ئیفلاسی سیاسییە



وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەڵێت: "پێویستە بە گوتینەوە بچینە هەڵبژاردن و داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئینجومەنی پارێزگای کەرکوک، ئیفلاسی سیاسییە".

سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە میانی بەشداریکردنی لە ڕووسمی چلەی ماتەمینی مشیر گەرتێیی پێشمەرگەی دێرینی حیزبەکەی لە هەولێر لەبارەی هەڵبژاردنی پارێزگاکانی عیراق ڕایگەیاند: "پێویستە بە گوتینەوە بچینە هەڵبژاردن و بتوانا و هێزێکی زیاترەوە کۆشی هاووڵاتیان چارەسەر بکەین و ئەو ماددە دەستوورییانەی پێیوستە بە ناوچە جێناکۆکەکان کاری جدی بۆ بکەین".

وتیشی"داوای دواخستنی هەڵبژاردنی ئینجومەنی پارێزگای کەرکوک، لەلایەن هەندێک لایەن و پێکهاتەوە، ئیفلاسی سیاسییە و هەرگیز نابێت کەرکوک هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام نەدرێت"، سەعدی پیرە وای وت.